# چاوپێکەوتن لەگەڵ ستانلی کوبریک

## لە ئینگلیزییەوە: ئەحمەد کاوە



٧ی ئابی ٢٠٢٥ سینەما

ئەم چاوپێکەوتنە لە ماڵەکەی ستانلی کوبریک ئەنجام دراوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن ڤینسێنتێ مۆلینا فوا. دووبارە چاپ کراوەتەوە لە دووتوێی کتێبێکی گرنگ بە ناوی ئەرشیفەکانی ستانلی کوبریک، ئەم کتێبە ئەرشیفەکانی دەرهێنەری بەناوبانگ و هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنان و پێشکەشکردنی باشترین ئاست، لەخۆ گرتووە.



**هەرچەندە تۆ فیلم دروست دەکەیت و بۆ ماوەیەکی زۆریشە لە بەریتانیا دەژیت، بەڵام هێشتا وەک دەرهێنەرێکی ئەمریکیی ناوزەد دەکرێ. ئایا ئەو هۆکارانەی وات لێدەکەن لە بەریتانیا بژیت هۆکارگەلی کەسیین یاخود پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە فیلم دروستکردن لە بەریتانیا تێچووی هەرزانترە لە ئەمریکا؟**

-سەرەتا گەر بتەوێت فیلم بە ئینگلیزی دروست بکەیت، سێ شوێن هەن وەک چەق و ناوەندی بەرهەمهێنان؛ لۆس ئەنجلس، نیویۆرک و لەندەن. و لەوەتەی من کاتێکی زۆرم تەرخان کردووە بۆ ئامادەکردن و بڕینی فیلمێک، وا پێویستی کردووە لە یەکێک لەو شوێنانە بژیم، ئەگینا هەرگیز لە ماڵ نەدەبووم و هەمیشە لە دەرەوە دەمامەوە. نیویۆرک وەک لەندەن گونجاو نییە، هۆڵیوود کەمێک باشتر گونجاوە، بەڵام لە نێوان چانسیـ هەڵبژاردنم بۆ ژیان لە هۆڵیوود یان لەندەن، من زیاتر حەزم بە لەندەنە. شارێکی زۆر دڵگیرە و حەز دەکەم لەوێ بژیم. زۆر حەز دەکەم لە نیویۆرک بژیم، بەڵام شوێنێکی پراکتیکیی نییە بۆ وێنە دروستکردن و فیلمسازی، جگە لەو فیلمانەی لە شوێنی ڕاستەقینە دەگیرێن؛ ئەگەر مەبەستت ستۆدیۆیەکی وێنە بێت وەک بۆ فیلمی "بریسکانەوەکە" [i] یان "٢٠٠١: گەشتی بۆشایی"[ii]، ئەوا نیویۆرک ستۆدیۆی زەبەلاح و شوێنی گونجاوی بۆ ئەم کارە نییە. بۆیە بەریتانیا ئەو شوێنەیە کە پێویستە لێی بم.

**بەڵام ئایا بوونی پەیوەندی جەنابتان لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاســتیی جیاواز و پیشــەســازیی فیلم وای کردووە هیچ کاریگەریی بەسەر کارەکانتەوە هەبێت؟**

پێم وانییە. لەبەرئەوەی تەنانەت ژیان لە ئەمریکاش... گەر لە نیویۆرک بژیت، ئەوا بەتەواوی جیاوازە وەک لەوەی لە ئەتلانتا، دالاس یان مینیاپۆلیس یان هەر کوێیەکی تری ئەمریکا بژیت. گەر لە نیویۆرک بژیت، بەڕاســتی دەتوانی تەواو دڵنیا بڵێیت "شــێوازی ژیانێکی نیویۆرکی"یانەم هەیە. پێم وایە هەرچەندە لە لەندەن دەژیم بەڵام هێشــتا لەســەر شــێوازی ژیانی ئەمریکییم، و هەر لەسەر ئەو شێوازە دەبووم گەر لە نیویۆرکیش ژیابام. بە دڵنیاییەوە لێرە هەســتێکی ڕاســتیی ترم هەیە بە بەراورد لە هۆلیوود، کە ناواقیعترین شــوێنە. هەموو ڕۆژێک ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەخوێنمەوە، گۆڤارە ئەمریکییەکان دەخوێنمەوە، ســەیری فیلمە ئەمریکییەکان دەکەم، هەر بۆیە بەجددی هەست بەوە ناکەم جێگۆڕکێ جیاوازییەکی گەورەی بۆ دروســـت کردبێتم. لە ڕاســتیدا، هەســـت ناکەم لە ئەمریکا ناژیم. بە هیچ شێوەیەک لە ڕووی فەرهەنگییەوە هەست بە پچڕان یاخود گۆشەگیرییێک ناکەم.

**ڕۆژەکەی تر پێت وتم هەمیشە چێژت لەوە بینیوە بچیت سەیری فیلم بکەیت. هێشتا بەردەوامی لە چوون بۆ سینەما و سەیرکردنی فیلم؟**

من هەوڵ دەدەم ســـەیری هەموو فیلمەکان بکەم، خۆم لە ماڵەوە پرۆجێکتەرم هەیە، بۆیە بۆم ئاســانتر بووە؛ ئەو فیلمانەی وەریان دەگرم، لە ماڵەوە لەبەریان دەگرمەوە و ســەیریان دەکەم. ئەوانەشی دەستم پێیان ناگات، دەڕۆم و سەیریان دەکەم، بەڵام دەمەوێت سەیری هەموویان بکەم.

**دەمەوێ لەمەڕ هەڵبژاردنەکانت پرسیار بکەم. چ جۆرە...؟**

حەزم بە فیلمە باشەکانە. (پێکەنین)

**ئایا لەگەڵ ئەو کەسانە (بەتایبەت ئەوروپییەکان) هاوڕایت، کە دوای ساڵانێکی زۆر لە ستایشکردنیان بۆ فیلمەکانی هۆڵیوود، ئێستاکە پێیان وایە فیلمسازیی نایاب بەتەواوی ون بووە و نەماوە؟**

باشە، بێ شک هەندێک لە فیلمە هەرە چێژبەخش و سەرنجکێشەکان لە هۆڵیوودەوە بەرهەم هێنراون. دڵنیاش نیم لەوەی زۆرینەی فیلمە گرنگەکانی مێژووی سینەما لە هۆڵیوودەوە هاتبن، واتە ئەو فیلمانەی خەڵکی بۆ ماوەیەکی زۆر بیریان دەمێنێ و لە یاد ناکرێن. پێم وانییە. هەندێک لە فیلمەکان پێدەچێ لەوێوە هاتبن.



**حەزت بەم ڕێچکە نوێ و شێوازە هاوچەرخانەی بەرهەمهێنانی هۆڵیوودە، کە لە لایەن کۆپۆلا، سکرادێر، سپیڵبێرگ، سکۆرسێزی یان دێ پالماوە هەوڵیان لە بۆ دەدرێت و تاقی دەکرێنەوە؟**

پێم وابێ یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین فیلمەکانی هۆلیوود پێش ماوەیەکی زۆر بینیبێتم، هۆلیبود نا، -فیلمە ئەمریکییەکان- ئەوا "هاوڕێ کچەکان"[iii]ی کلاودیا وێیل بووە. پێم وابوو ئەم فیلمە لە دەگمەنترین ئەو فیلمانەیە کە بەراوردم کردووە بە نووسین و فیلمسازییە ڕژد، چڕ و وردەکانی ئەو دەرهێنەرانەی تۆ پێت باشترینن لە ئەوروپا. فیلمەکە سەرکەوتنێکی وای نەبوو، ناشزانم لەبەرچی، بەڵام دەبوایە هەیبووبا. بێگومان فیلمەکەم زۆر پێ نایاب بوو. وا دەردەکەوت گرێچنی فیلمەکە زۆر ڕاستییانە مامەڵە لەگەڵ چیرۆکەکە بکات و هەر بەم شێوەیەش بەردەوام بوو لەگەڵ تێما و هەموو شتەکانی تریش بەبێ هیچ گۆڕانکارییی یاخود کەرتبوونێک.

**کەواتە بە ئاشکرا زۆر هۆگری، بابڵێین، ئەو جۆرە فیلمانە نیت کە شێوازی هۆلیوودیین.**

من نەمگوت "هۆلیوودی"، لام وایە کارێکی قورسە فیلمێک دروست بکەیت هەم لە ڕووی سۆزەکییەوە بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی سەرنجڕاکێش بێت، و هەمیش ئەو ڕاستێتی و قووڵییەی لەخۆ گرتبێت کە تۆ لە ئەدەبیاتێکی مەزن و دانسقەدا پێی ئاشنا دەبیت. وای دادەنێم وەها کارێک زۆر قورس بێت تەنانەت گەر سەرنجی جەماوەریش ڕانەکێشێت... چونکە فیلم تێچوویەکی زۆری پێویستە لە ئەمریکا، فیلمسازەکانیش نیگەرانی ئەوەن چۆناهی فیلمەکە بۆ جەماوەر سەرنجڕاکێش بکەن. ئێستاکە، ڕێی تێ دەچێت شتێک دروست بکەیت هەم درامی بێت و هێشتاش هەڵە نەبێت. بەڵام قورسە.

**نموونەیەکی زۆری ئەم فیلمانە دەزانیت؟**

قورسە بیر لە زۆر نموومە بکەیتەوە، چونکە گەر لیستێکت بۆ دە باشترین فیلمەکانت دروست کرد، ئەوا هەرگیز نابنە ئەو دە فیلمانەی زۆرترین داهاتیان هەبووە، وایە؟ بەڵام بێگومان ئەمانە هەمووی پەیوەندییان بە تێچووی دەرهێنانی فیلمەکەوە هەیە، واتە بەدەستهێنانی داهاتێکی باش پەیوەندی بە خەرجییەکی باشی فیلمەکەوە هەیە. کێشە گەورەکە ئەوەیە، ئێستا فیلم بڕێکی زۆر لە تێچووی پێویستە؛ بگرە لە ئەمریکا هەر مەحاڵە فیلمی باش دروست بکەیت. چونکە پێویستە بێئەندازە کاتی بۆ تەرخان بکەیت، وە

تەکنیککار و ئەکتەرانی باشـــت هەبێت زۆر زۆر نرخیان بەرز نەبێت. ئەم فیلمەی کلاودیا وێیل دروسـتی کرد، پێم وابێ وەک کەسـێکی سـەرەتا دەسـتی کرد بە ئەنجامدانی. بۆ ماوەی ساڵێک کاری لەسەر فیلمەکە کرد، حەفتەی دوو یان سێ ڕۆژ. بە دڵنیاییەوە زۆر بە بەخت بوو، چونکە لەو مـاوەیەدا بەتەواوی ئەو کاتەی بۆ بیرکردنەوە پێویســـتی بووە دەربـارەی فیلمەکەی، هەیبووە. بۆ ئەوەی تێبگات و ببینێـت چی کردووە. لام وایە فیلمەکەی زۆر بەباشی دروست کرد.

**هەرگیز گرنگیت بە سینەما "سەربەخۆ"یە ئەمریکییەکان داوە، یان ئەو دەرهێنەرە هزر سیاسییانەی وەک "کرامەر، دێ ئانتۆنیۆ" یانیش ئەو دەرهێنەرە ئاڤانگارد و نوێگەرانەی لە نیویۆرک بە دیار کەوتوون وەک  "وارهۆل، ئانگێر، مێکاس، مارکۆ پۆولۆس"؟**

بەڵێ، ڕاسـتییەکەی هیچ فیلمێکی سـەربەخۆی باشـم نەبینیوە. دەمەوێت بڵێم یەکێک لە کێشـەکان لەگەڵ فیلم ئەوەیە پێویسـتی بە چەند خاڵێکی تەکنیکیی کارامەوە هەیە لە پێناو پاراســـتنی فیلمەکە لەوەی خراپ دەرکەوێت. زۆربەی هەرە زۆری فیلمە ســـەربەخۆکان بەخراپی دروســـــت دەکرێن. بەڵام من نەموتووە، بۆ نموونە، فیلمی "هـاوڕێ کچەکـان" فیلمێکی سەربەخۆیە، لە ڕاستییدا تەنیا فیلمێکی نایابی کەم-تێچوو بوو. هەرگیز فیلمێکی سەر بە سـینەمای سـەربەخۆم نەبینیوە، کە پێم وابووبێت گرنگە یان سـەرنجڕاکێشـە. دەڵێم بە جۆرێک لە جۆرەکانیش ســـەرنجڕاکێشـــن، چونکە دەرهێنەرەکانی ســـەر بەم ڕێچکەیە کار لەسـەر شـتانێک دەکەن و پیشـانی دەدەن، کە هەرگیز هیچ کەس بیری لێیان نەکردووەتەوە. بەڵام نـاتوانم بڵێم بە ڕاددەیەک گرنگ و دڵگرن لە ئافرانـدنی بیرۆکەگەلی نوێ کە لەلایەن دەرهێنەرەکانی تریشەوە سوودی لێ وەربگیرێت و بەکار بهێنرێت.

**زۆربەی فیلمەکانت لە ڕۆمانەوە وەرگیراون. ئایا بۆ فیلم دروســـتکردن لاتان ئاســـانترە ئەدەب بەکار بهێنن وەک خاڵی دەستپێک؟**

ســـوودێکی ئێجگار زۆر لە بەکارهێنـانی دەقە ئەدەبییەکانـدا هەیە، ئەویش ئەوەیە تۆ بۆ یەکەمجار هەلی خوێدنەوەی چیرۆکەکەت دەبێت. خۆم هەرگیز ســـیناریۆیەکی ڕەســـەنم نەنووســـیوە، کەواتە من تەنیا تیۆریزەی چۆنیەتیی ئەو کاریگەری و جێکەوتانە دەکەم کە لام وایە دروست دەبن. بەڵام وای دادەنێم گەر بیرۆکەیەکی خۆت هەبووبا و لات سەرنجڕاکێش بوایە، و کارت لەســـەرت کردبا و پەرەت پێ دابوایە بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەوا بەر لە تەواوکردنی توانای دەربڕینی ئەوەت نەدەبوو بۆ وتنی ئایا چیرۆکەکە باشە یان باش نییە. و دواتر لەسـەر ئەو خـاڵە، بۆ ئەوەی هەوڵی ئەوە بـدەیت بیکەیت بە فیلم، دەبێت تەنیـا متمـانەت بە هەســـت و حەزە ســـەرەتاکانی خۆتەوە هەبێت لەمەڕ چیرۆکەکە. ســـوودی چیرۆکێک کە دەکرێت بە تەواوی بیخوێنیتەوە لەوەدایە دەتوانیت ئەو هەســـتانەت لەبیر بێت، کە لە یەکەم ســـاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا ئەزموونت کردوون. ئەمەش دەبێتە ڕێگایەکی زۆر ســـوودبەخش بۆ یارمەتیدانت لە بڕیاردان لەســـەر ئەو شـتانەی پێویسـتن بڕیاریان لەسـەر بـدرێت لە کاتی دەرهێنـانی فیلمەکە، چونکە تەنـانەت گەر بۆ مـاوەیەک لەگەڵ چیرۆکی کەســـێکیش زۆر ئاشـــنا بیت، ئەوا دواتر ناتوانی بە تەواوی بزانی بۆ کەســـێک یەکەمجار سـەیری ئەم فیلمە دەکات هەست بە چی دەکات و هەستی چۆن دەبێت. کەواتە بە لایەنی کەمەوە هێشـــتـا هەســـــت و لێکـدانەوەی خۆتـت هەیە بۆ یەکەم بیرۆکە ڕەســـەن و چیرۆکەکانت، کە ئەمەیان زۆر گرنگە.



**هەموو ئەو ڕۆمانانەی کارت لەسەر کردوون "لۆلیتای نابۆکۆڤ، سپارتاکۆسی فاست، پێڕی لیندنی ساکێری، بریسکانەوەکەی ستیڤن کینگ" زۆر لە یەکتری جیاوازن. چ شتێک سەرنجت بۆ کتێبێک کێش دەکات و ویستی ئەوەت بۆ دروست دەکات بیکەیت بە فیلم؟**

بەر لە هەر شتێک، کۆمەڵێک کاردانەوەی کەسییم هەیە لە بۆ چیرۆکەکە. زۆر سادە دەردەکەوێت، بەڵام شتێک هەیە دەربارەی ئەو ڕاستییەی تەنیا چیرۆکەکەت بە دڵە. پاشان پرسیاری دواتر ئەوەیە، چیرۆکەکە دەتخرۆشێنێت، و گەر بۆ ماوەی دوو حەفتە بیری لێ بکەیتەوە، ئایا هەر بە سەرنجڕاکێشیی دەمێنێتەوە؟ کاتێک بەسەر ئەو خاڵەوە تێپەڕ بووین، ئەوا پرسیاری دواتر بە تەواویی ئەمەیە؛ ئایا ڕۆمانەکە دەکرێت بۆ فیلم وەربگێڕدرێت؟ چونکە بە ڕاستی زۆربەی ڕۆمانەکان گەر باشیش بن، ئەوا ماتەوزەی وەرگێڕانیان تیا نییە بۆ فیلم. ئەوە تایبەتمەندییەکی سروشتی و خۆماکانەی ڕۆمانە، ئەمەش یان بەهۆی قەبارەی ڕۆمانەکەوەیە، یانیش پەیوەندیی بەم ڕاستییەوە هەیە کە باشترین ڕۆمانەکان ئەوەندەی سەرنج دەخەنە سەر ناواخن و ژیانی خۆیەکیی کارەکتەرەکانەوە، ئەوەندە سەرنج ناخەنە سەر ڕووداو و کردە دەرەکی و گشتەکییەکان. هەر بۆیە، هەمیشە مەترسی سادەکردنەوە و ڕووکەشبوون لە ئارادایە کاتێک هەوڵی ڕەنگرێژکردن و ڕێکخستنی پێکهاتەی تێما و کارەکتەرەکان دەدەیت. کەواتە ئاساییە، دەشێ هەندێک ڕۆمان هەبن هەرگیز ڕێی ئەوەیان تێ نەچێت بکرێن بە فیلمی باش. بەڵام با بڵێین کارێکی گونجاوە ڕۆمانێک بکرێتە فیلم؛ پرسیارگەلێکی لەم چەشنە دوای ئەم ڕستەیە قوت دەبنەوە؛ ئایا ڕۆمانەکە توانستی بوون بە فیلمی هەیە؟ ئایا بۆ تەماشا کردن سەرنجڕاکێش دەبێت؟ ئایا بەش و ڕۆڵی جوان هەن بۆ ئەکتەرەکان؟ ئایا کەسانی تر چێژ لەم کارەت دەبینن کاتێک تەواوت کرد؟ ئەمانە کۆمەڵە بیرۆکە و پرسیارگەلێکن دێن بە هزرمدا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، من دەڵێم ئەوە هەستێکە پەیوەندیی بە خرۆشانێکی کەسییەوە هەیە دەربارەی چیرۆکەکە، واتە خۆیەکییە، لەسەر ئەو ڕاستییەی لەگەڵ چیرۆکەکە کەوتوویتەتە داوی عەشقەوە.



**چ شتێکت لە ڕۆمانەکەی ستیڤن کینگ زۆر بە دڵ بوو؟**

بەڵێ، ڕۆمانەکەم لەلایەن جۆن کالییەوە بەدەســـت گەیشـــت، بەڕێوەبەرێکە لە کۆمپانیای وارنێر برۆس. تاکە شت بوو بۆم نێردرابێت و باش بووبێت، یان بە دڵم بووبێت. زۆربەی ئەو شـــتانەی دەیانخوێنمەوە، هەســـت دەکەم دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک وازیان لێدێنم و دایان دەخەم. بیر دەکەمەوە، بە خۆم دەڵێم چیتر کات بەمەوە ناکوژم. بەڵام ڕۆمانی "بریســـکانەوەکە"ی ســـتیڤن کینگ زۆر ورد بوو، بۆ من قورس بوو لە خوێندنەوەی ببمەوە. پێم وابوو گرێچن، بیرۆکە و بونیادی ڕۆمانەکە لە کۆی ئەو کتێبانەی لەو ژانرایە خوێندبوومنەوە، داهێنەرتر، جوانتر و خەیاڵئامێزتر بوون. لام وابوو کەســـێک دەتوانێت فیلمێکی زۆر باشی لێ دروست بکات.

**کارەکانی پێشووتری ستیڤن کینگت خوێندبوونەوە؟**

نەخێر. فیلمی "کێری[١٧]"م بینیبوو، بەڵام هیچ یەکێک لە ڕۆمانەکانیم نەخوێندبوونەوە. دەڵێم توانای ڕاستەقینەی ڕۆماننووس کینگ لە دروستکردنی گرێچندایە. وا پێناچێت زۆر ســـەرنج بدات لە نووســـیندا، مەبەســـتم ئەوەیە، نووســـینەکانی وا دەردەکەون جارێک

نووسـیبێتی، دواتر خوێندبێتییەوە، پێدەچێت پاشـان تۆزێک دەسـتکاری و گۆڕانکارییەکی تیا کردبێت، و بۆ چاپخانە ناردبێتی. ئەو زیاتر سـەری بە ئافراندنی شـتی نوێوە قاڵە، کە من پێم وابێت لەم بەشەدا ئەو زۆر بە ڕوونی توانای خۆی پیشان داوە.

**باشـــە بیرت لە دروســـتکردنی فیلمێکی ترســـناک دەکردەوە بەر لەوەی ئەم ڕۆمانەت بەدەست بگات؟**

نەخێر. کاتێک فیلمێک دروســـت دەکەم، هەرگیز فیلمێکی پێشـــتر نەبووە لە خەیاڵمدا بێت یاخود بیرۆکەی دروسـتکردنیم هەبووبێت. هەرگیز دوو چیرۆکم لە یەک کاتدا نەبووە. تەنها شـت بە هزرمدا دێت دەربارەی ئەو کاتانەی کتێبێک دەخوێنمەوە ئەوەیە نامەوێت فیلمێک دروســـت بکەم هاوشـــێوەی فیلمەکەی پێشـــووترم بێت. جگە لەمە، هیچ بیرۆکەیەکی پێشـــوەختەم نییە لەمەڕ ئەوەی فیلمی داهاتووم پێویســـتە چۆن بێت و چۆن نەبێت. بۆ نموومە ئێســـتاکە نازانم بە نیازی چیم. خۆزگە بە نیازی شـــتێک بام. ئەمە کاتێکی زۆرم بۆ دەگەڕێنێتەوە.

**لە کارەکانی پێشـــووتدا، لەنێو چەند ژانرایەکی تایبەت کارت کردووە وەک "خەیاڵی زانســـتی، مەتەڵاوی، جەنگ و هتد". ئایا بۆ ئەوە فیلمی "بریســـکانەوەکە"ت لا ســـەرنجڕاکێش بوو چونکە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخســـاندی لەناو پیشـــەکەی خۆتدا کار لەسەر ژانرایەکی جیاواز بکەیت و یاسا و مەرجەکانی ئەم ژانرایە نوێیە بدۆزیتەوە؟**

پێم وایێ ســـەرەکییترین یاســـای پەیوەندیدار بە ژانراکەوە ئەوەیە، کە تۆ پێویســـت ناکات هەموو شـت ڕوون بکەیتەوە یان بەدوای کۆمەڵێک وەڵامی سـادە و گونجاو بگەڕێیت بۆ ئەو شـتانەی ڕوو دەدەن. وە ئامانجیش لەم کارە ئەوەیە هەسـتێک لە هاوشـێوەی "غەریبە[٧]" دروست بکەین. فرۆید لە وتارەکەیدا سەبارەت بە غەریبە دەنووسێت: غەریبە تاکە هەستە جوانتر و ڕوونتر لە هونەردا بەرجەســـتە دەبێت وەک لەوەی لە ژیان. من ئەوەم زۆر لا سـوودبەخش بوو؛ وەک زانیارییەک یارمەتی نووسـینی سـیناریۆیەکەی نەدەدا، بەڵام بە لای منەوە شـێوازێکی زۆر وردە بۆ تیگەیشـتن لەم ژانرایە. وتارێکم خوێندەوە لە لایەن مامۆسـتای

گەورە "هـاووارد فیلیـپ لۆڤکرافـت[vi]"ەوە نووسرابوو، دەڵێـت هەرگیز نـابێـت هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو شـتانە بدەیت وا خەریکن ڕوو دەدەن، بە تایبەت گەر ئەو شـتانەی ڕوو دەدەن ببنە مایەی چەخماخەدانی خەیاڵێک، یان کاراکردنی هەستی غەریبە، ترس و دڵەڕاوکێ لە ناخی خوێنەر/بینەردا. هەروەها گەر هیچ هاودژییەکی ناوەکیی لەنێو خۆیدا نەبێت، ئەوا تەنیا، وەک پێشووتر، بنیاتنانە لەسەر خەیاڵ (بیرۆکە خەیاڵئامێزەکان، ڕاچڵەکینەکان و ...)، واتە کارکردن لەسـەر ئەم ناوچەیەی هەسـتەکان. من وا بیردەکەمەوە ڕەسـەنێتیی چیرۆکێکی لەم شێوەیە شتێکە دواجار بینەرەکانیش دەجۆشـێنێت؛ بینەر بە ئاشکرا وەک گەڕیدەیەک لەگەڵ ڕۆیشـــتنی چیرۆکەکە چاوەڕوانی ئەوەیە دواتر دەبێت چی ڕوو بدات، و لە کۆتاییدا کاتێک هەموو شت تەواو بووە، هەسـتی ڕازیبوونێکی گەورە لایان خۆی دەردەخات. توانای ئەوەت نەبووە پەی بە گشـــت فۆڕم و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە ببەیت، بەڵام سـەرەڕای ئەوەش هەستت بە فریودان یان لە خشتەبردنێک، نەکردووە.

## دایان جۆنسۆن کێیە، کێ سیناریۆکەی لەگەڵت نووسی؟

ئەو ڕۆماننووسـێکی زۆر باشـە، پێنج یان شـەش کتێبی بڵاو کردووەتەوە. یەکێک لە کتێبەکانی ســـەرســـامی کردم و دەربارەی کتێبەکە دەســـتم کرد بە گفتوگۆ لەگەڵی، دواتر زانیم ئەو کۆرسـێکی ڕۆمانی جۆری گۆتیک(وێژەی تاریک و ڕەمزاویی)یش لە زانکۆی بێرکلێی کالیفۆرنیا، دەداتەوە. وا پێدەچوو کارکردن لەگەڵی بۆ نووسـینی سـیناریۆکە شـتێکی سـەرنجڕاکێش بێت، کە واشبوو. ئەمەیان یەکەم سیناریۆی بوو.



**کەمێک جیاوازی و گۆڕان لە فیلمەکەدا هەن بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکەدا. چەند کارەکتەرێک بە شێوەیەکی بەرچاو سادەکراونەتەوە، زۆربەی بەشە سەرووسروشتی، ناواقیعی و دەروونییە داتاشرەوەکانیش، لابرابوون. تەنانەت بنەڕەتییترین بەشی ترسناکییەکەش کەم کراوەتەوە. هەموو ئەمانە لای من گۆڕانکارییەکی گەورەن لەسەر ڕۆمانەکە. ئاخۆ هەوڵی ئەوەت دەدا لە یاسا و مەرجە نەریتی و باوەکان لابدەیت لە پێناو دروستکردنی شتێکی جیاواز، کە هەرچەندە بە دڵنیاییەوە، فیلمەکە هێشتا لای زۆرینەی خەڵک وەک فیلمێکی تەواو ترسناک سەیر دەکرێت؟**

تۆ دەڵێیت زۆر دیمەنی ترسناک لە کتێبەکەدا هەن و لە فیلمەکە لابراون، من ڕازی نیم لەگەڵ ئەم بۆچوونە. ئەوەی ڕاستیی بێت، جگە لەو دیمەنەی منداڵەکە بازرەقەی خوێن دەبینێت بەسەر دیوارەکاندا چۆڕاوگەی بەستووە و کاتێک خەریکی یاریکردنە بە بەفر گوێی لە ژاوەژاوێکی کەم دەبێت لە سێڵاوە گەورەکەوە، پێم وایە هەموو بەشەکانی تر، ترسناکیی زیاتریان تیایە بە بەراورد لە کتێبەکە. خەڵکی ئەوەیان گوتووە. بۆ نموونە، لە کتێبەکە هیچ کەسێک ناکوژرێت.

**باشە، بەڵام تۆ دیمەنی جووڵەی هەموو ئەو درەختانەی لە شێوەی ئاژەڵ بڕدرابوون لە باخچە پێچەڵاوپێچەکە، بڕیوە...**

هەر ئەوەندەیە. کاتێک هاڵۆوران، چێشتلێنەرە ڕەشەکە دەگاتە کۆتایی، درەختە لە شێوە ئاژەڵ بڕدراوەکان هەوڵی وەستاندنی دەدەن. بەڵام ئەوە تاقە دیمەنە لە فیلمەکەدا بڕدرابێت.

**تۆ جەختیشت لەسەر پەیوەندیی نێوان کارەکتەرە سەرەکییەکان و هەستی گۆشەگیربوونیان لە هۆتێلەکە، کردووە. بێزاریی جاک وەک نووسەرێک... هەموو ئەم شتانە زۆر گرنگ دەبن لە فیلمەکە، بەڵام لە کتێبەکە بەم شێوەیە دەرناکەون.**

پێم وایە لە ڕۆمانەکە، ستیڤن کینگ هەوڵی زیادکردنی کۆمەڵێک شت دەدات، کە من ناویان لێدەنێم زرەکارەکتەر (نیمچە کارەکتەر یان کارەکتەری ساختە) و سەرەداوی دەروونیی ساختە. هەرچۆنێک بێت، چییەتیی ئەوەی کارەکتەرەکان کێن، وەک خۆیشی دروستی کردووە لە ڕۆمانەکەدا، لە فیلمەکە وەک خۆیان بەرجەستە کراونەتەوە. تاکە شت گۆڕانکارییمان تیادا کردبێت ئەوەیە "وێندی"مان زیاتر وەک دایکێک و هاوژینێک

دەرخســـتووە. بەڵام گۆڕان و پەیوەنـدییە دەروونییەکـان، تەنـانەت بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکەشـدا، بە تەواوی نەگۆڕدراون. گوتت کارەکتەرەکان سـادەکراونەتەوە، باشـە، بە ڕوونی مەبەستەکە ئەوەیە ئەوان ڕوونتر بوون و کەمتر پەرتن، نەک سادە کرابوویێتنەوە؛ ئا بەم شێوەیەیە، کەمتر پەرتبوون باشترە لە سادەکردنەوە. کاتێک گوتم کارەکتەرەکانم سادە کراونەتەوە، بەتەواوی مەبەسـتم ئەوەبوو؛ ڕوونتر پیشـاندراون. بۆ نموونە، سـەبارەت بە کارەکتەری جاک، کۆی ئەو وردەکارییە ئاڵۆزانەی لەمەڕ ژیانی خێزانیی جاک لە فیلمەکە بڕدراون، ئەمەشـیان لە پێناو باشـتر ڕێکخسـتنی فیلمەکەیە. پێم وانییە بینەر وردودرشـت تێبینی غیابی لاپەڕە زۆرەکانی ڕۆمانەکە بکات کە کینگ بە وردی سـەرنجی خستبوونە سـەر، وەک کێشـــەی ســـەرخۆشـــییەکەی باوکی جاک یان دایکی وێندی. بۆ من، ئەمانە تەواو ناپەیوەندیدارن. هەروەها لێرەدا کێشـــەی زیادکردنی ئەو کۆمەڵە وردەکارییە دەروونییانەی لە هەوڵی ڕوونکردنەوەی کردە و مامەڵەکانی "جاک"دان، هەیە، کە بە ڕاستی گرنگ نییە.

**ڕاســـتە. لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، هەمیشـــە هەســـتم بەوە دەکرد ڕۆماننووس هەوڵی ئەوە دەدات هەموو ئەو شتە ترسناکانەی ڕوو دەدەن، بەوردی ڕوونیان بکاتەوە. منیش پێم وایە کارێکی لەم شـــێوەیە هەڵەیە، چونکە شـــاهێزی چیرۆکەکە لەژێر لێڵی و تەمتومانیی خودی چیرۆکەکەدا ڕاکشـــاوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، زۆر ئامەژەپێدانت بۆ "ئێدگار ئالان پۆ"، کە لە کتێبەکەدا هەن، فەرامۆش کردووە، بە تایبەت ئاماژەدان بە کورتە چیرۆکەکەی "ڕووبەندی مەرگی سوور[vii]""، لە ڕاستیشدا فیلمەکەت بە تەواوی لەژێر کارکردی شـــێوازی ئێدگار ئالان پۆوە دەردەچێت و، براوم وایە، زیاتر لە شـــێوازی بۆرخێســـەوە نزیک بێتەوە، بە تایبەت لە دیمەنی کۆتایی فیلمەکە. ئەمەیان لای من گۆڕانێکی تەواو گشتەکییە لە چاو ڕۆمانەکە.**

ڕاســـتییەکەی گۆڕانی هەرە گەورە لە سی خولەکی کۆتایی فیلمەکەدایە، چونکە فەزاکەی ڕۆماننووس لە کۆتایی چیرۆکەکەدا تەنیا لە نێوان ڕووبەڕووبوونەوەی جاک و دانییدا چڕ بووەتەوە، دانی شتێکی لەم شێوەیە دەڵێت "**تۆ باوکی من نیت**"، دواتر جاکیش دەگەڕێتەوە، دەڕواتە خوارەوە بۆ لای ســـەرچاوەی گەرمکەرەوەکە بۆ چاککردنەوەی، بەڵام هۆتێلەکە دەتەقێتەوە. گرنگترین شـــت من و دایان جۆنســـۆن کردمان، بریتی بوو لە گۆڕینی کۆتایی چیرۆکەکە، لە پێناو گۆڕینی سەرنج بەم شێوەیەی تۆ باست کرد. لە فیلمەکەدا، کۆمەڵێک سەرەداو هەن سەبارەت بەو شتانەی وەک پەیوەندیی باوکی جاک و پێشینەی خێزانەکەی، کە من پێم وایە تەواو خزمەتی هەمان مەبەست دەکەن؛ کاتێک وێندی بە دکتۆرەکە دەڵێت چۆنچۆنی جاک قۆڵی دانی شـــکاندبوو، دەتوانیت لێرەدا ببینیت چۆن وێندی هەوڵی ئەوە دەدات لە کاتی باســـکردنیدا، ڕووخســـاری ئاســـایی و هێمن دەربکەوێت، بەڵام درک بەوە دەکەیت، کە دەبێت شـــتێکی زۆر خراپ ڕووی دابێت. یان بۆ نموونە، کاتێک ئۆڵمان، بەڕێوەبەری هۆتێلەکە، ئەم پرسیارە لە جاک دەکات "**چۆن خێزان و منداڵەکەت بە دڵیان دەبێت؟**"، لێرەدا دەبینیت نیگای چاوەکانی جاک مانایەکی لەم شـــێوەیە دەدەن "**ئەمە چ پرســـیارێکی بێمانایە!**"، و دواتر زەردەخەنەیەک دەکات و تەنیا دەڵێت "**بە دڵیان دەبێت**". لێرەدا مەبەســـتمە بڵێم، کۆمەڵێک وردەکاریی بچووک و هەروەها چڕ هەن، لانی کەم بە

نیمچە ئاگاییيانەوە هەمان ئەو تێگەیشتن یان هەستانەت پێ دەبەخشێت کە ستیڤن کینگ بەقووڵی هەوڵدەدات دروســـتیان بکات. من وا بیردەکەمەوە کینگ کەمێک نیگەرانی ئەوە بووبێت چۆن وا لە ڕۆمانەکە بکات لە ڕووی ئەدەبییەوە شـــوناســـێکی بەهادار و گرنگ وەربگرێت؛ هەر بۆیەشـــە دەبینین گوتەزاکانی ئێدگار ئـالان پۆ و ئـامـاژەدان بە چیرۆکی "ڕووبەندی مەرگی ســـوور"ەکەی لە ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە. ئەمانە ئاســـايين، بەڵام وا دەرناکەون بۆ چیرۆکەکە پێویست بن. کینگ زۆر نیگەران دەردەکەوێت لێرەدا، وەک ئەوەی بیەوێت بۆ هەمووان بسەلمێنێت ئەوەی نووسیویەتی زۆر بەهادارەو ئەدەبیاتەکەی شتێکی زیاترە لەوەی تەنیا دەقی ژانرایەکی ئەدەبیی بێت.



**به شێوەیەکی ئاسایی چۆن کار لەگەڵ ئەکتەرەکان دەکەیت؟ پێت باشە لە کاتی گرتە تۆمارکردن بەمشێوەیەی بۆیان نووسراوە، بە تەواوی ڕۆڵ نەگێڕن و داهێنەریتییەکەی خۆیانیش لە سیناریۆکە پیشان بدەن؟**

بەڵێ، لام وایە گرنگ نییە چەندە بە وردییەوە سیناریۆکەت نووسیوە، چونکە کاتێک ئەم سیناریۆیە لەلایەن ئەکتەرانەوە پراکتیزە دەکرێت، ئەوا هەست دەکەیت تەواو جیاوازە، و لەوە تێدەگەیت شتانێکی سەرنجڕاکێش لە سیناریۆکەتدا بوونیان هەبووە، کە تۆ هەرگیز بیرت لێیان نەکردووەتەوە، یان کۆمەڵێک بیرۆکە هەبوون و تۆ پێت وابووە ناوازە دەبن، بەڵام بەمشێوەیە دەرناکەون. یانیش دیمەنی کۆمەڵێک لە سیناریۆکە ناهاوسەنگ دەردەکەوێت؛ وەک ئەوەی شتێک زۆر نەگونجاو بێت بۆ کۆی دیمەنەکانی تر، یان تەواو ئاشنا نەبێت، هەر بۆیە من لە کاتی پراکتیزە کردنی سیناریۆکە بە ئەکتەرەکان، دووبارە دەست دەکەمەوە بە نووسینەوە و دارشتنەوەی سیناریۆکە. هەست دەکەم ئەمە ئەو ڕێگایەیە بە باشترین شێوە هەم سوود لە توانای ڕۆڵگێڕانی ئەکتەرەکان و هەمیش لە لاوازییان وەربگرین. گەر شتێک هەبێت ئەنجامی نەدەن، با ڕوونتر بڵێین توانای ئەنجامدانیان نەبێت (دەبێت ئەوە بڵێم ئەم قسەیە بۆ فیلمی بریسکانەوەکە ڕاست نییە، چونکە هەموویان زۆر بە توانا بوون)، لە ناکاو لە هەبوونی چەند بیرۆکە و ئەگەرێک ئاگادار دەبیتەوە، کە پێشتر بە خەیاڵیشتدا نەهاتوون. لە خوێندنەوەی پلان و سیناریۆی هەندێک لە دەرهێنەرەکان هەمیشە سەرسامی ئەو تایبەتمەندییەیان بووم، کە دەقی سیناریۆکەیان بە تەواوی لەگەڵ پراکتیزەکردنییان بۆ دیمەنەکە دەگونجێت بەبێ پێداچوونەوە یان ڕێکخستنەوەیەکی ورد. دەشێت ئەمە لاوازیی سیناریۆکانی من بێت، ئەوەم لا گرنگ نەبووە چۆن و چەند بە باشیی سیناریۆکە لەسەر کاغەز دەردەکەوێت، چونکە لە چرکەساتی پراکتیزەکردنی سیناریۆکە لە ستۆدیۆ لەگەڵ ئەکتەرەکان، بە ئاشکرایی بۆت دیار دەبێت گەر بێت و دەقاودەق ئەو شتانەی لە سیناریۆکەدا نووسراون دووبارە بکەیتەوە، ئەوا هەرگیز بە تەواوی دیمەنێکی باش دروست ناکەیت.

لەوەش دڵنیابوومەتەوە کاتێک بیر لە گۆشەی کامێرا دەکەیتەوە، یان بیر لە شێوازی گرتنی گرتەکە دەکەیتەوە پێش ئەوەی ئەکتەرەکان پراکتیزەی بکەن، و پێش ئەوەی دیمەنەکە

بگاتە ئەو شوێنەی شتێکی گرنگی لێ ڕوو دەدات، ئەوا هەمیشە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەبێتە ڕێگر لەوەی بگەیتە باشترین و قووڵترین ئەنجامی گونجاو بۆ دیمەنەکەت.




**هەمیشــە لە دروســتکردنی فیلمێکدا، هەوڵی ئەوە دەدەیت کۆنتڕۆڵی تەواوت بەســەر هەموو بەشەکانی فیلمەکەت هەبێت. هەستێکی کونجکۆڵانەم سەبارەت بەو یەک دوو لایەنە ورد و چڕانەی کۆنتڕۆڵکردنەکەتەوە هەیە. یەکەمیان پەیوەندی بە ئاراســتە هونەرییەکەی فیلمەکانتەوە هەیە، و فیلمی "بریســکانەوەکە" بەتایبەتی. تۆ خۆت ڕاستەوخۆ بەشداریت لە بڕیاردان لەسەر ئەم بەشە؟**

وایە، بەڵێ. بۆ نموومە لەم فیلمە (بریســکانەوەکە)، ڕۆی واڵکەر، دەرهێنەری بەشی هونەر، بۆ ماوەی مانگێک هەموو ئەمریکا گەڕا بۆ وێنەگرتنی هۆتێل، بینا، و کۆی ئەو شتانەی وەک ســەرچاوە بەکارمان دەهێنا لە فیلمەکە. دەبوایە وێنەی ســەدان شــوێن بگرین. پاشــان، لەو

وێنانەی بە دڵمان بوون، دیزاینەرەکە لەسـەری ئامادەی دەکرد، بەڵام قەبارە و شـێوەکانی تەواو وەک لە وێنەکە دەردەکەوتن، بە هەمان قەبارە و شـێوە دەکێشـایەوە، ڕێک وێنەکە چۆن بوو بەم شـێوەیە، نەک هاوشـێوەی وێنەکە. کاتێک وێنەکان دەگیران، دیزاینەرەکە لەوێ دەوەستا و ڕاستەیەکیشی- لەگەڵ بوو، بۆ ئەوەی بە جوانی قەبارە و جیاوازیی هەموو شـتێک پێوانە بکات، ئەمەش لە پێناو ئەوەی ئەم قەبارە و شـێوەی دروسـتی دەکەین، لە سەرچاوە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە وەرگیرابێت، کە شتێکی زۆر گرنگە. بیر لەو بینایە بکەرەوە لە سـەرەتای فیلمەکە لێی دەژین، کۆمەڵێک ژووری بچووک، ڕێڕەوگەلێکی تەسـک لەگەڵ ئەو پەنجەرە نامۆیەی کوڕەکەیان کە بەرزییەکەی مەتر و نیوێک دەبێت. لە سـەرەتادا، وایە شـتێکی گەمژانەیە هەوڵی نەخشـەکێش کردنی شـتێک بدەیت کە هەموو کەسێک لە ژیانی واقعییدا دەیبینێت و دەزانێت ناڕاسـتییانە یان کەمێک هەڵە دێتە بەرچاو. لەبەرئەوە، شـتانێکی وەک بیناکە و ئەو بینایەی ناو هۆتێلەکە، کە زۆر ناشرینە، لەگەڵ جۆرێک لە نەبوونی دیزاین، و شتەکان بەو شێوەیەی بەبێ دیزاینێکی جوان دروست کراون، گرنگە وەک خۆی و ڕاسـتییانە پیشـان بدرێن لەبری ئەوەی هەوڵی جوانکردنیان بدەیت. بۆیە، ئەو بەشـانە پێویسـتە بە ئاگادارییەوە لەبەربگیرێنەوە هەروەک ئەو ژوورە ناوازە جوانانەی وەک خۆیـان پیشـانیـان دەدەیـت و کۆی جوانیی و وردەکارییەکانی لەبەرچـاو دەگریـت. بە دڵنیاییەوە، لە وەها دۆخێکدا، لەبری ئەوەی دەرهێنەری بەشی دیزاین هەوڵی دیزاینکردنی هۆتێلێک بدات، کە من پێم وایە مەحاڵە و ناتوانێت بە شـێوەیەکی واقیعیی پیشـانی بدات، چونکە وەک شتێکی سەر ستەیج یان ئۆپێرایەکی لێدێت، باشترە شتێکی ڕاستییت هەبێت و بەم شێوەیەی هەیە، پیشانی بدەیت.



گرنگە چیرۆکەکە لە ژینگەیەکی تەواو واقیعی بسـازێنیت بۆ ئەوەی بینەر چیرۆکەکە قبووڵ بکات، و بۆ ئەوەی فیلمەکە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەقینە دەربکەوێت، پێویسـتە هەمان ئەو ڕووناکییانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیبینین بۆ دیمەنەکانی فیلمەکە بەکار بهێنرێت، نەوەک ڕووناکییەکی ساختە و شانۆیی (زیاد لە پێویست)، کە بە زۆری بینەر لە فیلمە ترسناکەکاندا دەیانبینێت. من ئەم دۆخە بەراورد دەکەم بە شـێوازی نووسـینی کافکا و بۆرخێس، دەزانی شێوازێکی سادەی بێ گرێ و گۆڵە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا قووڵ. بە مانایەکی دیکە، باس لە شـتانێکی ناوازە یان نامۆ دەکەن لە فۆڕمێکی ئاسـاییدا، وەک ئەوەی بەشـێک بن لە ژیانی ڕۆژانە. پێم وایە زۆر گرنگە لە سـتۆدیۆ دیمەنی فیلمەکە ڕاسـتەقینە دەرکەوێت، پێویسـت بەوەش ناکات لە ڕووی دیزاینەوە جوان دیار بێت، چونکە ڕاستەقینەیی دیمەنەکە و نەبوونی زۆری دیزاین دەرفەتی زۆرتر بۆ گۆشـەی کامێرا، ڕووبەر، و تێڕوانینی جیاواز دەڕەخسـێنێت. بەڵام هەموو شـت دەبێت ڕاسـتییانە دەرکەوێت. گشـت وردەکاریی دیمەنی وێنە گیراوەکانی شـوێنە ڕاسـتەقینەکان بە وردییەکی زۆرەوە لەبەر دەگیرێنەوە. بەشی دەرەوەی هۆتێلەکە لەسـەر شـێوازی هۆتێلێک لە کۆلۆرادۆ داڕێژراوەتەوە، بەڵام بەشـەکانی ناوەوەی لە چەند شـوێنێکی جیاوازەوە دیزاینی بۆ کراوە. بۆ نموونە، تەوالێتی هۆتێلەکە لە لایەن فرانک لۆیید ڕایتەوە دیزاین کراوە، ئەویش شـێوازی دیزاینەکەی لە تەوالێتێکی ڕاسـتەقینەی هۆتێلیکی شاری فینیکسـەوە وەرگرتبوو لە ئەریزۆنا. بەتەواوی وەک ئەو بوو، ڕەنگ و هەموو شتێکی. لە کاتێکدا تەوالێتێکت هەیە و ئەگەرچی نەک هەر قەبارە و شـێوەی گونجاوە، بەڵکو سەرنجڕاکێشیشە، کەواتە بۆچی پێویستە تەوالێتێکی نوێ دیزاین بکەیت؟



گەر بتەوێت شـوێن بۆ دیمەنەکان دروست بکەیت، زۆر گرنگە بۆشاییەک بۆ بەکارهێنانی ڕۆشـنایی و دەرفەتەکان بهێڵیتەوە. بۆ نموونە، هەموو چرا هەڵواسراوەکانی ناو بیناکە زۆر بە ئاگادارییەوە بەسـترابوونەوە و کارەبایان بۆ ڕاکێشرـابوو، هەر یەک لە گڵۆپەکانی چراکە هەزار واتە، بەڵام لە ڤۆڵتەیجی نزمدا دادەگیرسـێت، بۆیە ڕووناکییەکی ڕۆشـن، شـاهانەیی و ئاسـوودەبەخش پەخش دەکات. ئەگەر تێبینیت کردبێت، ڕەنگ و هەموو شـتێکی تر لە هۆتێلەکەدا دڵگیر و سـەنگینە، لەبەرئەوەی هەریەک لە گڵۆپەکانی هۆتێلەکە هەزار واتن، بەڵام ڤۆڵتەیجەکانیان کەم کرابووەوە بۆ ئەوەی بەم شـێوە جوانە دەرکەوێت. ئەو ڕووناکییەی لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە بەهۆی شاشەیەکی ڕوو یەکدراوەوە دروست کرابوو، کە درێژییەکەی سێ مەتر و نیو دەبوو و بەرزییەکەشی لە شوێنی دیمەنەکە نۆ مەتر زیاتر دەبوو، تێدەگەیت؟ لە پشـت شـاشـە ڕوو یەکدراوەکەوە ٧٥٠ گڵۆپ بە هەزار وات داگیرسـابوون. ئەم شـێوازی ڕێکخسـتنە وا دەکات ئەو ڕووناکییەی لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوور وەک ڕووناکیی خۆر ڕاستەقینە دەربکەوێت؛ بە ڕاستی وەک ئاسمانێکی ساختە وابوو. بۆیە بەم شـێوەیە لە ڕۆژدا وەک ڕووناکی ڕاسـتەقینە دەردەکەوێت. بێ شـک، ڕەچاوکردنێکی وەها پێویسـتە بەر لە دەسـتپێکردنی هەر یەکێک لە کارەکانت، چونکە ئەمان بەشـێکن لەو بەشانەی پەیوەندییان بە چۆنیەتیی دروستکردنی دیمەنەکانتەوە هەیە؛ ڕووناکیی بەکارهێنان پێویسـتە لە سـەرەتای دیزاینکردندا بە شێوەیەکی ڕێکخسـتە پلانی بۆ دانرابێت، بۆ ئەوەی لە دەستپێکەوە هەموو بەشەکان لەگەڵ یەکتری هەماهەنگ بن.

**لە ئێستادا بیر لە پرۆژەیەکی نوێ دەکەیتەوە؟**

نا، بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دەستکەوتنی بیرۆکەیەکی نوێم.

## سەرچاوە

https://cinephiliabeyond.org/interview-stanley-kubrick-vicente-molina-foix/

---

*The Shining.* Directed by Stanley Kubrick. 1980. [i]

*2001: A Space Odyssey.* Directed by Stanley Kubrick. 1968. [ii]

*Girlfriends.* Directed by Claudia Weil. 1978. [iii]

*Carrie.* Directed by Brian De Palma. 1976. [iv]

[v] غەریبە: چەمکێکە فرۆید بۆ وەسفکردنی شتێکی نائاشنا، بەکاری هێناوە. هەرچەندە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاشنایە. ئێمە ساتێک غەریبە ئەزموون دەکەین کاتێک لە ناکاو شتێکی ئاشنا بۆمان نائاشنا دەبێت. بە مانایەکی تر، غەریبە گەڕاندنەوەی چەپێندراوەکانمانە.

[vi] نووسەر و چیرۆکنووسی بەناوبانگی ئەمریکیی. لە ساڵی ١٨٩٠ لە ئەمریکا لەدایک بووە. نووسەر چیرۆکگەلێکی سەمەرەی ترسناکی دەنووسی لە ژانرای فەنتازیا، ترسناک و زانستیی. لە زۆربەی کارەکانیدا، جیهانێکی خەیاڵیی تایبەت بە بوونەوەری سەیر و سەمەرە، دەئافراند. تێمای چیرۆکەکانی بێدەسەڵاتیی و دەستەمۆیی مرۆڤ پیشان دەدەن لە گەردوونێکی فراوان و بێکۆتادا. لە ساڵی ١٩٣٧ لە تەمەنی چل و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

*The Masque of the Red Death*: Edgar Allan Poe. [vii]